## چیرووکی ئەو پێشمەرگەیەی کە ئاشق بوو

کەریم ئیلخانی ۲۰۲۲

نمە بارانی شەوی ڕابوردوو تەپوتۆزی ڕێگاوبانی دامرکاندبوو. سەرمای پاییزی گەرمای زەویی هەڵلووشیبوو.

مانگ وەک کچێکی شەرمێونی کوردەواری کە نیوەشەو دێتە جێژوان خەریک بوو سەری لە بن پەڵە هەوری پاییزی دەردەخست. لەم هەوراز و هەڵدێرانەدا مانگەشەو ببووە هاوڕێی ڕێگای دوور و درێژمان.

هەنگاوەکانمان بە ئارامی خاکیان تێپەڕ دەکرد. تەنیا شتی کە بێدەنگیی ئەم شەوەی دەشکاند. خشپەی پێڵاوەکانمان بوو، کە پووش و پڵاش و دڕکوداڵی لە بن پێماندا دەشکاند. هەر دووکمان لەو پەڕی بێدەنگیدا بووین. چەند شەو بوو هەر لە نێو گژو گیا و کۆخەکاندا شەومان بە ڕۆژ کردبۆوە.

لەشمان شەکەتیی لێ دەباری. هەردووکمان تامەزرۆی خەوێکی ئارام و خواردنێکی گەرم بووین. نەماندەوێرا ڕوو لە ئاواییەکان بکەین. دەوڵەت هەستی کردبوو ئیمە لەم ناوە داین.

کوتم کاکە زۆرمان ماوە بۆ هەوارە بەرزە؟ گوتی ئەگەر باش بڕۆین دەمەوبەیان دەگەینە جێ. ئەو شارەزای هەموو ئەم پێدەشتانە بوو. مندالی ئەم ناوە بوو. خەڵکی ئەم ناوە کەم هەبوون نەیناسن. کوتم کانیاوێک لەم ناوەدا نیە وەچانێک بدەین؟

گوتی زۆرمان نەماوە. بۆخۆم لە تۆ توونیترم، ئەوە بوو سیگارێک خەریکە سوێم دەبێتەوە. مانگەشەو ڕێگای تاریکی بۆ ڕووناک کردبووین، هەرچەند نەماندەوێرا بە ڕاستەڕێدا بڕۆین، بۆ ئەوەی شەقڵی کەوشەکانمان بەجێ نەمێنێ، ناچار بووین بە لاپاڵەکاندا بڕۆین.

لە شیو و دوڵان تێپەڕین و خۆمان گەیاندە کانیاو. هەردووکمان بێ ئەوەی وەشەیەک بڵێین، دەروونی گەرمداهاتوومان بە ئاوی ساردی کانیاو کە لە بەر تیشکی مانگەشەو تروسکەی دە داوە فێنک کردەوە. خۆمان لە بن ڕەوەزە بەردەکانی پشت کانییەکە حەشار دا.

دەستمان کرد بە سیگارکێشان. نەماندەهێشت ڕووناکیی سیگارەکانمان وەدەر کەوێ. ئارەقەی لەشمان، سارد بووەوە. کوتم کاکە ئاخرین جار کەی چاوت بە نەسرین کەوت؟ دەستێکی بە سمێڵە ڕەشەکانیدا هێنا و، مژێکی لە سیگارەکەی دا. دووکەڵی سیگارەکەی لە بەر شەوقی مانگەشەودا وەک خەتێکی سپیی باریک درێژەی کێشابوو. گوتی وام لە بیرە پێش ئەوەی بڕوا بۆ کوورەخانەی تەورێز.

-باشە پێت وایە هاتبێتەو بۆ باغچە؟

گوتی: دەبێ هاتبیتەوە، ئێستا کوورەخانەکان کاریان تەوابووە. پاییزە وباران باریوە. کار نەماوە.

-ئەی ماڵەوەتان ئاگارارن لەم ئەویندارییە؟ تاوێک مات بوو. گوتی: ڕامسپاردووە دایکم بێ بۆ هەوارە بەرزە چاوم پێی بکەوێت و جلوبەرگی تازەشم بۆبێنێ لە گەڵ دیارییەک بۆ نەسرین.

-وادیارە لە مێژساڵە نەسرین دەناسی.

گوتی: بەڵێ پێش ئەوەی بێم بۆ پێشمەرگایەتی. ئاواییەکانمان لە یەک نزیکن. کاتی خۆی زۆر جار یەکترمان لە بەهاران دا لە کاتی کەنگرو و گێلاخەهەلقەندنی دەدی. ئەوکات، هەردووکمان زۆر گەنج بووین. ئاخرین مژمان لە سیگارەکانمان دا .

قونچکە سیگارەکانمان لە بن خۆڵدا شاردەوە. چەکەکانمان لە شان کرد و جامانەکانمان لە دەوری ملمان هاڵاند. ملێ ڕێگامان گرت. تروسکەی چرای گوندەکان لە سەر بەرزاییەکان وەک ئەستیرەی کزی ئاسمان دەدرەوشانەوە. سەگوەڕی ئاواییەکان بێدەنگیی ئەم پێدەشتانەی دەشکاند.

پووزەوانەکانمان دەرکودالّی پاییزیان پێوە نووسابوو. ڕۆیشتن هەر دەهات و زەحمەتتردەبوو. مانگ لە کەل ئاوا ببوو. تاریکیی شەو بەرەو هەڵکشان بوو. دۆزینەوەی ڕێگا دژوارتر دەبوو. بەڵام من نیگەران نەبووم. لە شیوو لاپاڵان جارجار لامان دەدا و لە بن جامانەکانماندا سیگارێکمان دەکێشا، پشوویەکمان دەهاتەوە بەر. ئەستێرەی بەیان خەریک بۆ دەر دەکەوت.

کوتم: کاکە وادیارە لە ئاوایی نزیک بووینەتەوە؟

گوتی: دەبێ هەنگاو هەڵێنینەوە پێش ئەوەی وڵات ڕووناک بێ، دەنا لەم دەشتەدا ڕۆژمان لێ بێتەوە دەرچوونمان نییە. ئەم دێهاتانە پایگای دەوڵەتی زۆر لێیە، جاشەکانیش مقەریان هەر لەم ناوەیە.

بە سەگوەڕی دێ زانیم لە هەوارەبەرزە نزیک بووینەوە. گوتی ماڵە پوورم لە قەراغ ئاواییە. دەبێ زۆر بە وشیارییەوە بچینە ناو ئاوایی. ڕەنگە جاشەکان لە نێو دێ بن. زۆر بە هەستیارییەوە خۆمان گەیاندە بن پەنجەرەیەکی چکۆلەی ماڵە پووری. جامانەکانمان لە دەموچاومان هاڵاندبوو بۆ ئەوەی سەگەلی ئاوایی بۆنمان نەکەن. کاک سمایل چەند زیپکە بەردێکی چکۆلەی لە پەنجەرەی ماڵە پووری هاڵاند. دەنگێک نەهاتە گوێ. ڕووناکی هەر دەهات زیادی دەکرد. هەردووکمان نیگەران بووین بۆ دەرگا نەکراوە. دڵەڕاوکەمان تێکەوتبوو.

من جارجار دەوری ماڵەکەم دەدا، نەکا شتێک ڕووی دابێ. لە ناکاو شەوقی چرایەکی کز لە ماڵە پوورییەوە ڕووناکاییەکی کزی هاویشتە بەر پەنجەرە بچووکەکە! پاش چرکەیەک جیڕەیەک لە پەنجەرەکە هات. کەسێک سەری کیشا دەر گوتی کێن برا چیتان دەوێ؟ بە دەنگێکی زۆر نەرم و نیان گوتی کاک حەمەدەمین منم سمایلم.

لە بەر شەوقی چراکەدا ڕوخساری کاک حەمەدمینم بینی کە چۆن ڕەنگی تێک چوو. تف لە زاریدا وشک بوو. قسەی بۆ نەدەکرا. لە نێو ژوورە کە ڕا غەڵبەغەڵبێک پەیدا بوو. دەنگی ژنێک کە دیار بۆ خیزانییەتی دەهاتە گوێ. پاش چەند چرکەیەک ژنێکی کورتەباڵای لاواز بەچرایەکی لەنتەرەوە دەرگا تەختەکەی حەوشەی کردەوە.

کاکە سمایلی لە باوەش گرت و دەستی بە ماچکردنی کرد. سەد جاری کوت بە قوربانی ئەو باڵایەت بم، لە دەوری تفەنگ و فیشەکدانت گەڕێم. پوورت کوێر بێ. منیشی لە ئامیز گرت و ماچی کردم. بە پەلە ڕاپێچەکی ژوورێکیان کردین. کاک حەمەدەمین پرسیی:

ئێوە چۆن پەیدا بوون، ئێواری نێودێ پڕ بوو لە جاش و پاسدارکانی یەکشەوە. ئێمە وەمانزانی جاشەکانن. نەمانوێرا دەرگا بکەینەوە، دەنا بە سەگوەڕ زانیمان دەبێ خەبەرێک هەبێ. پووری کوتی ئیمە بیستبوومان ئێوە پەڕیونەتەوە دیوی عێراق، لەم ناوە نەماون.

منداڵەکانیان لە خەو هەستان. کاکە سمایل ماچی دەکردن. لە تەنیشت خۆی دانابوون. منداڵ هەر سەیری ئێمەیان دەکرد. چاوەکانیان شەوقی شادمانیی لێ دە باری. کاکە سمایل ئامۆژگاریی تەواوی دانێ کە نابێ لە لای کەس قسە بکەن کە ئێمە لێرەین.

بە کوڕە گەنجەکەیانی سپارد کە ئەوڕۆ لە دەرێ ئاگاداری هەموو شتێک بن. ئێمە هیلاکی خەو بووین. پاروویەکمان نان وماست خوارد. من ئاگام لە دنیا نەما .

لە دیوێکی تاریک و چکۆلە لێی خەوتین. کاکە سمایل ڕایسپاردبوو دایکی بێت بۆ هەوارە بەرزە. دوانیوەڕۆ کە لە خەوی شیرین هەستام کاک سمایل دیار نەمابوو. پاش قەدەرێک هاتەوە گوتی وەرە دایکم هاتووە.

دایکی ماچی کردم. دڵی پڕ بوو. فرمێسکەکانی بە ڕوومەتیدا دەڕژانە خوارێ بە لووچی دسمالەکە بە ئارامی دیسرینەوە. لە شار ڕا خواردنی خۆشی بۆهێنابووین، ئێمەش زگمان قووڕەی دەهات بۆ ئەم خواردنانە. ئاویان گەرم کردبوو .

خۆمان شوت، پاک و خاوین بووینەوە. کاکە سمایل سەرو ڕیشی تاشیبوو. من ڕیشەکەم هەر نەتاشی. دایکی ئامۆژگاریی زۆر کردین. دەیکوت لەم ناوەدا مەمێننەوە جاشەکان لێتان دەگەڕێن. ئێستا کە ئێوە لەم ناوە دوور کەوتوونەوە و ترسیان نەماوە خۆفرۆش زۆر بوون.

تاریکیی شەو ڕووی خۆی بە سەر هەوارە بەرزەدا کێشابوو. ئێمە دەبوو ماڵئاوایی بکەین و ئەم هەموو گەرموگوڕییە بە جێ بێڵین. هەردوو خوشک بۆمان دەگریان. دڵنەواییمان دە دانەوە. منداڵەکانیان دەگریان بۆمان .

کاک حەمەدەمین دەڵی بۆمان پڕ ببوو. بە چاوی بەگریانەوە هەوارەبەرزەمان بەجێ هێشت، بەرەو مەکۆی دڵداری ئاوایی باغچە وەڕێ کەوتین. چەند سەگێک کە تازە هەستیان کردبوو ئێمە لە دێ دەرچووین، دەستیان کرد بە وەڕین، بەڵام ئێمە لە تاریکیی شەودا گوم بووین.

لەشمان تین و هێزێکی تێ هاتبوو. کۆڵەپشتییەکانمان پڕ بوون لە خواردن و تۆشەی ڕێگا. بۆنی سابوونی بۆنخۆشی لەشمان وەک عەترێکی ئارام دەپڕژایە سەر ڕێگامان. هەر زوو خۆمان گەیاندە بەرزاییەکان و بە هەورازەوە ملی ڕێگامان گرت. چراکانی هەوارەبەرزە لە چاوان گوم بوون. وڵات بە تەواوی تاریک بوو. مانگ هاوڕێی شەومان نەهاتبووە جێژوان.

هەنگاوەکانمان هێورترکردەوە. گوتی تا باغچە ڕەنگە دوو سەعاتێکمان پێ بچێ. باشترە وا بچینە نێو دێ کە خەڵک خەوتبن. لە ناو ڕێگا جارجار وچانێکمان دە دا و، سیگارێکیشمان تێ دەکرد. کوتم کاکە یەکڕاست دەچینە ماڵە نەسرین؟ گوتی نا! دەچینە ماڵە ئاشنایەکم کە جیرانیانن. ئەوان دەزانن من پێوەندیم هەیە لە گەڵ نەسرین.

مانگ یەکەم تریفەی خۆی لە ئاسۆ دا. ڕووناکی کەوتە پێدەشتەکان. ڕۆیشتنمان خۆشتر بوو. کاکە سمایل کەوتبووە گێژاوی خەیاڵەوە. کوتم کاکە بە تەمای نەسرین لە گەڵ خۆمان بەرینە دەرێ یان ئەم ئەویندارییەتان هەر ئاوا دەمێنێتەوە؟ گوتی نازانم چۆن دەبێ. بۆ خۆشم سەرم لێ ماسیوە، بەڵام ئەگەر رێک بکەوێت لەگەڵ خۆمان دەیهێنینە دەرێ.

-باشە لە گەڵ هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوچە قسەت کردووە سەبارەت بە نەسرین؟

پاش قەدەرێک بێدەنگی گوتی: نا! تەنیا تۆ دەزانی و چەند هاوڕێیەکی دیکەم.

بێدەنگی لە بەینماندا وەستابوو. زانیم پێی خۆش نییە لەوە زیاتر بیدۆزم.

لە بەرزاییەکانی باغچە نزیک بووینەوە. دەنگی سەگوەڕ نەدەهات. ئارامی بە سەر ئاواییدا کشابوو. چرای تاکە تاکەی ماڵە کان لە دوور ڕا ترووسکەیان دەهات.

هەنگاوەکانمان هێورتر کردەوە. گوتی ماڵە ئاشناکەم لە نێوەڕاستی ئاوایی، لە نزیک کانیی ژنانە. دە بێ زور بەوریایی بچینە نێو ئاوایی، کەس پێمان نەزانێ. بە قەراغ چەند دیواری لاڕووخاودا تێپەڕین. خۆمان دەخستە تاریکایی کۆڵانەکان. جامانەکانمان لە دەموچاومان هاڵاندبوو.

بە کۆڵانە باریکەکاندا تێپەڕ بووین. وا دیار بوو دێ لە خەوێکی شیریندا شەوگاری پاییزی تێپەڕ دەکرد. خوڕەی ئاوی پلووسکە دارەکەی کانیی دێ ببووە سەمفوونیای ئەم شەوە ئارامەی گوندی باغچە. بۆ ساتێک وێستاین. کاکە سمایل گوتی ئەمە ماڵی کاکە ساڵەی دۆستمە. لەگەڵ دادە مەنیجی خێزانی خزمایەتییەکی دوورمان هەیە.

شەوقێکی کز لە پەنجەرەی ماڵەکەیانەوە دەڕژایە کۆڵانەکە. وا دیار بوو نەخەوتوون. کاکە سمایل چەند زیپکە بەردێکی لە پەنجەرکەیان گرت. هەر زوو کاک ساڵە سەری لە پەنجەرەکەوە کێشا دەر و گوتی کێن برا؟

گوتی: خۆمم کاکە، سمایلم!

زۆری پێ نەچوو دەرگایان کردەوە. بەگەرمی بە خێراتنیان کردین. هەر زوو چایان بۆ ساز کردین. دەست کرا بە خەبەرو باسی هێزی پێشمەرگە و ناوچەکە.

کوڕ و کچە گەورەکەیان لە خەو هەستان. منداڵە وەردەکانیان هەر لە خەوی شیریندا بوون. ماڵی کاک ساڵە زۆر نەدار و هەژار بوون. ئەوانیش ساڵانە بە خاوخێزانەوە دەچوونە کوورەخانەکانی عەجمستان! وا دیار بوو تازە لە کوورەخانەی "شەبستەر" گەڕابوونەوە. دەنگوباسی کوورەخانە و باسی ژیان و گوزەرانی کوورەخانەیان بۆ گێڕاینەوە.

وادیار بوو قووتی زستانیان پەیدا کردبوو. گوتیان وا دیارە لە ڕێگای دوور ڕا هاتوون باشترە بخەون. ئێمەش بەدڵ حەزمان لە خەو بوو. جێگایان بۆ ڕاخستین، لە دیوێکی ئەولاترەوە لێی خەوتین. بەیانی درەنگ لە خەو هەستاین. لەشمان بە تەواوەتی حەسابووەوە. دادە زێنەب ماڵی ئاوەدان بێ خواردنێکی خۆشی بۆ ساز کرد بووین. باغچە کەمتر جاش و پاسدار هاتوچۆیان دەکرد. جارجارە ئەگەر خەبەری پێشمەرگەیان ببیستبایە دەهاتن.

کاک سمایل هەر شەو ئاگاداری کردن کە تەنیا من و کەریم لێرەین، لە گەڵ کەس باسی مەکەن. ئێمە سبەی شەو دەڕۆین لێرە. کاک ساڵە گوتی کارتان هەیە بۆ شار تا بچم بۆتان جێبەجێ کەم؟ دیارە زۆرمان سپاس کرد.

پاش خواردنی نانی نیوەڕۆ کاکە ساڵە گوتی من سەرێکی مزگەوت دە دەم بۆ ئەوەی خەڵک نەڵێن بۆ دیار نییە ئەمڕۆ. تەنیا خێزانی لە گەڵ منداڵە چووکەکان کە لە خۆشیی دیداری ئێمە نەدەچوونە دەرێ لە ماڵێ مابوونەوە.

کاک سمایل سەری قسەی نەسرینی لە گەڵ دادە زێنەب کردەوە گوتی بەشکەم نەسرین بانگ کەیتە ئێرە چاوم پێی بکەوێت. بە بیستنی نێوی نەسرین،دادە زێنەب ڕەنگێکی هینا و برد. قسەی لە زاریدا وشک بوو. چاوێکی بڕییە من، گوتی بۆ کاکە سمایل خەبەرت نییە لە نەسرین چیی بەسەر هاتووە؟ گوتی نا، چی بووە؟

گوتی: براکانی بیستبوویان نەسرین دڵی بە تووەیە بەخەیاڵە ئەم پاییزە بێتە نێو پێشمەرگەکان. لە کوورەخانەی تەورێز لە کوڕێکی خەڵکی بۆکانیان مارە کرد. نەیانهێشت بێتەوە بۆ باغچە.

بە بیستنی ئەم قسەیە کاکە سمایل ڕەنگی گۆڕا. چایەکەی بۆ نەخوراوە. گەرووی گیرا بوو قسەی بۆ نەدەکرا. مژێکی بەهێزی لە سیگارەکەی دا. دادە زێنەب گوتی پێم وا بوو خەبەرت هەیە. زۆریش ئاشناو دۆست لە کوورەخانە بە نەسرینیان کوتبوو تۆ قەولت داوە لە گەڵ کاکە سمایل بڕۆیتە دەرێ ببییە پێشمەرگە. وەک بیستمان زۆر گریاوە و پاڕاوەتەوە بەڵام بنەماڵەکەیان کووتویانە هەر دە بێ شوو بکەیت بەم کوڕە دەنا دەتکوژین.

کاکە سمایل ئارام و قەراری لێ هەڵگیرابوو. من نەمدەزانی چی بڵێم. دەمزانی کاکە سمایل هێلانەی خۆشەویستی و ژیانی تێکچووە. هەموو ئاواتەکانی گەنجێتیی تێک ڕووخابوو.

چاوە ڕەشەکانی بڕیبووە کۆڵە پشتییەکەی کە دیاریکەی نسرینی تێ دا بوو، جار جارەش لە پەنجەرە دووکەڵگرتووەکەی نێو ماڵە ساکارەکەی کاکە ساڵە دیروانیە زەردە خووری پاییزی. دەتکوت مەلێکی باڵکراوی نێو قەفەسە کە توانایی فڕینی نەماوە . قورساییەکی زۆر، دڵ و دەروونی داگرتبوو. بێدەنگییەکی بەسام نێو ماڵە ڕەش و چکۆلانەکەی داگرتبوو. جارجار مژی لە سیگارەکەی دەدا و دەستی بە سمێڵە ڕەشەکانیدا دێنا خوارێ.

چاوەڕێی ئاوابوونی زەردەی خۆری پاییزی دەکرد کە ڕۆژ تێپەڕێ و ماڵاوایی یەکجاری لەو ماڵە بکا کە بە تەمایەکی دیکە ڕووی تێکردبوو .